# ئەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئایا یەکێک لە ئێمە بخەوێت بە لەشگرانیەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر یەکێکتان دەستنوێژی گرت ئەوا با بخەوێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئایا یەکێک لە ئێمە بخەوێت بە لەشگرانیەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر یەکێکتان دەستنوێژی گرت ئەوا با بخەوێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد: ئەگەر کەسێک لە سەرەتای شەو تووشی لەشگرانی بوو، بەهۆی چوون بۆ لای خێزانەکەی ئەگەرچیش مەنی دەرنەچوو بێت یان تووشی لەشگرانی بوو، ئایا دەبێت بە لەشگرانیەوە بخەوێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووخسەتی پێیان دا بە خەوتن بە لەشگرانیەوە؛ بەڵام بە مەرجێک کە دەستنوێژ بگرێت بۆ ئەوەی لەم دەستنوێژشکانە گەورە(الحدث الأكبر)ە کەم بکاتەوە بە دەستنوێژگرتن ولە پاش ئەمەوە ئاساییە کە بخەوێت بە لەشگرانیەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3021